# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە
## دەرەوەی وڵات 1984-1998
## PEVE NUWE 1, 1990

(15) پریسترۆیکا وەك نموونەی ریفۆرمی رادیکال

بەشی دووەم

دەوری حیزب.. ئایدیۆلۆژیی و ئابووریی لە هەرەسهێنانی تاقیکردنەوەی سۆشیالیستیدا

ئەمە بەشێکی ترە لە بەرچاوخستن و شیکردنەوەی ( پریسترۆیکای ی گۆرباچێڤ ).. دەبێ خوێندەواری بەرێز ئەوەی لەبەرچاو بێ کە ئەم کتێبە لەساڵی 1987 دا نووسراوە: بەڵام بەهیچ جۆرێ گرنگی و بەهێزیی خۆی کز نەکردووە.. باسەکە دەوڵەمەندتر دەبێ کە لەبەر تیشکی رووداوەکانی ئێستادا سەرنجی بدەین، هەوەها دەتوانین باشتر لە کارەسات و رووداوەکانی ئێستای کۆمەڵگای سۆڤیەتی تێ بگەین گەر لەروانگەی رەخنە و بیرەکانی پریسترۆیکایی گۆرباچێڤ وە سەرنجیان بدەین.. جگە لەمەش کتێبەکەی گۆرباچیڤ هەوەڵین و بە دەسەڵاتدارین سەرچاوەی سۆڤیەتییە بۆ لێکدانەوەی پێشینە و پرۆسێسی هەرەس هێنانی تەجروبەی (70) ساڵەی سۆشیالیزم لە یەکێتی سۆڤیەتدا.

5- بنچینەو جەوهەر و خەسڵەتی شۆڕشگێرانەی پریسترۆیکا

ئەمە ناونیشانی بەشی یەکەمی کتێبەکەی گۆرباچێڤە.

گۆرباچێڤ بەتوندی ئەوە دەسەلمێنێ کە (پریسترۆیکا) وەك پێویستییەکی مێژوویی بەپەلە لە ناو جەرگەی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگای سۆشیالیستی سۆڤیەتەوە هەڵقوڵاوە،.. نە زادەی خەیاڵی تاکە کەسێکە، نە بەرهەمی بڕیارو بۆ چوونی کۆبوونەوە و کۆنگرەی حیزبە:

[ ئەم کۆمەڵە بۆ ئەم گۆڕانە گەییوە..

ماوەیەکی درێژە عەودالیەتی.. هەر دواکەوتنێك لە دەست پێکردنی پریسترۆیکا دەشیا لە داهاتووی نزیکدا بووبایە بەهۆی وەزعێکی ناوخۆی زۆر خراپ و .. بە ئاشکرایی بڵێین، تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خەتەرناکی لێ پەیدا دەبوو.] لاپەڕە 17.

شیکردنەوەی باری پێشکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت لە هەشتاکانداو پێداچوونەوەی مێژووی نزیك و هێندە نزیك- نای یەکیتی سۆڤیەت: پریسترۆیکای وەك تاقە چارەسەرییەکی بەدەستەوە بوو سەلماند.. لەم رووەوە گۆرباچێڤ چەند لایەنێکی تایبەتێتی مێژووی یەکێتی سۆڤیەت دەست نیشان دەکات:

- یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی ساوایە کە هاوتا و لێچووی لە مێژووی نوێی جیهاندا نییە. لەماوەی حەفتا ساڵدا رێگای چەندان سەدەی بڕیوە.. لە ئیمپراتۆریەتێکی شێوە فیودالی شێوە کۆلۆنیالی دواکەوتووەوە، بوو بە یەکێ لە هێزە هەرە گەورەکانی جیهان.

[ هێزی بەرهەمهێنانی مەزن، توانینێکی هۆشمەندانەی بەهێز کەلتوورێکی زۆر پەرەسەندو، کۆمەڵگایەکی بێ وێنەو سەد نەتەوە و نەتەوایەتی، پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ 280 ملیون کەس لەسەر زەمینێکدا کە شەش یەکی دنیا پێك دێنێ. ئەمە دەستکەوتی مەزن و نکوولی لێ نەکراوی ئێمەن و گەلی سۆڤیەت شانازیان پێوەدەکا].

گۆرباچێڤ ئەوە دەخاتە بەر هۆشی کە ئەم پێشکەوتنەش لە ئەنجامی شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە دەستی پێ کردو تەواو بوو.

[ ئەمە بەرهەمی شۆرشە.. ئەمە بەرهەمی سۆشیالیزمە:

سیستمی کۆمەڵایەتی نوێ و ئەنجامی ئەو ئیختیارە مێژووی یەیە کە گەلەکەمان کردوویەتی.

ئەم بەرهەم و واقعە پێشکەوتووە لە هەشتاکاندا بەرەورووی واقیعێکی تازە بۆوە. کە لەنیوەی دووەمی حەفتاکانەوە خۆی دەرخست: شتێك روویدا، یەکێتی سۆڤیەت وزەو توانستی بۆ پێشەوە چوونی لەدەست دا!!]

شکست لە مەیدانی ئابووریيدا

ئابووری سۆڤیەت لە زۆر رووەوە فەشەلی هێنا، وەستان و چەقین و نەگۆران لە ژیانی کۆمەڵدا دەرکەوتن. شێوە (برەکێك) وەستێنەرێك لە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا خۆی سەپاند- ئەمە لەکاتێکدا شۆرشی تەکنۆلۆژی ئاسۆی تازەی بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردبۆوە.

لە پازدە ساڵی دواییدا واتە (85-70) رێژەی زیادبوونی داهات نیواو نیو زیاتر کەمی کرد.

لە سەرەتای هەشتاکاندا گەیشتە پلەی نزیك لە چەق بەستن Stagnation . بەم چەشنە یەکێتی سۆڤیەت لە مەیدانی مونافەسەی جیهانیدا زۆر شوێن و پایەی یەك لەدوای یەك لەدەست دان دواکەوتنی سۆڤیەت لەرووی توند و تولی و وەستایی بەرهەم هێنانەوە، چەشنی بەرهەم و کەل و پەلی درووست کراو، پەرەسەندنی زانستی و تەکنۆلۆژی و تەکتیکی نوێ: تا دەهات فرەترو و زیاتر دەبوو.]

- گۆرباچێڤ هۆی سەرەکی ئەم بارە نالەبارە بەزاڵبوونی رەوتی (چەندێتیی بەرهەم) دەستنیشان دەکا: بەتایبەتی لە سنعەتی قورسدا. ئەمە یەکەم ئامانجی سیاسەتی سنعەت سازی بوو، ئامانجێك بوو خۆی لەخۆیدا. واتە تەنیا ژمارەی زۆری بابەتی درووستکراو گرنگ بوو نەك چەشنەکەی و رادەی باشییەکەی. (بۆ نموونە کۆمپانیایەك بۆی دادەنرا ساڵی 20000 تراکتۆر بەرهەم بێنێ، بەڵام نەوعییەتیان چۆنەو تاچ رادەیەك لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی سەردەمدا تەبان و باش گونجاون: گوێ نەدەدرایە). ئەمەش وای کرد پرۆژەی زۆر گران بەها دابمەزرێن و بەرهەمەکان لەئاستی پێشکەوتنی زانستیی و تەکنۆلۆژیدا نەبن. ئەنجامی ئەمەش زەرەروزیان کەوتن لە کرێکار واتە خەڵکی بەکارهێنەری ئەو بابەتانە بوو. کرێکار بەتەواوی لەژێر رەحمەتی بەرهەمهێنەردابوو. چونکە خۆی هیچ ئیختیارێکی نەبوو، دەبوو تەنیا ئەوە بکڕێ و بەکاربێنێ کە دەخرایە بەردەمی.

- لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەم رەوتی زۆر بەرهەمهێنانەشدا، کەل و پەل کەم بوو. یەکێتی سۆڤیەت لەهەموو دەوڵەتانی پەرەسەندو و زیاتر هێزی کارو کەرەسە و وزە و سەرچاوەی دی لە یەکەی بەرهەمدا سەرف دەکا.. بەڵام سامانی مەزنی یەکێتی سۆڤیەت لەرووی

سەرچاوەی ئابووری و سروشتی و هێزی کارەوە بۆی لواندبوو ئەم ڕێبازە بگرێتە بەرو بۆ ماوەی چەند سەدەیەکیش بەفراوانی پەرە بستێنێ.. وەستاندنی هێواش بوونەوەی نەش و نمای ئابووریش هەربەوە دەبوو مەسرەف زیاد بکرێ و وزە و کار و کەرەسەی پترو پتر بەکار بهێنرێ.

لەبەر بەکارهێنانی فراوانی پەرەسەندنی سەرمایەی نەگۆڕ Fixed Capital چ کەرەسەی خاو و چ هێزی مرۆڤ- بە شێوەیەکی دەسکرد. تووشی کەمی هات. چارەسەری ئەمەش بەوە دەکرا بەخشیش ( زیادە کرێ Bonus) بە کرێکاران بدرێ بۆ ڕاکێشانی کرێکار و پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورتییانە. ڕاستیەکەی بەخشیش دەدرا بەبێ ئەوەی کار کرابێ. هەتا وای لێ هات کە تەنیا ڕاپۆرتی ئیش بۆ خاتری وەرگرتنی پارەکە دەنووسراو هیچی دی.. مەسەلەی کاری ویژدانیی و ئاستی بەرزی کارەکە ڕووی لە تەنکی کردو عەقلیەتی- کرێی زیاد وەرگرتن- بەفراوانی بڵاوبۆوە، تا هاوتایی نێوان ئاستی کارو ڕاددەی سەرف کردن Consumption نەك تەنیا نەش و نما کردنی هێزی بەرهەمهێنانی کاری ڕاگرت بەڵکو بووبە هۆی شێواندنی سەرەتاگەی دادی کۆمەڵایەتیش.

- سیاسەتی پەرەسەندنی فراوانی ئابووری بووە هۆێ چەقین و وەستان. ئابووری لەڕووی داراییەوە تەواو گوشرا.. فرۆشتنی زۆری نەوت و سەرچاوەی تری وزە و سووتاندن، لەبازاڕی جیهاندا دادی نەدا.. ئەو دراوە (عوملە) قورسەی بەمە وەدەست دەهات بۆ مەسەلەی ڕۆژانەی خێرا بەکاردەهێنران، نەك بۆ تازەکردنەوەی پێڕاگەیشتنەوەی تەکنۆلۆژی. خۆ خەریك کردن بە گیروگرفتی ئابوورییەوە، لەلایەکی دیکەوە، بووە هۆی پشت گوێ خستنی پرۆگرامی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی. گەرچی کۆمەڵگای سۆڤیەت زامنی ئیش هەبوونی بۆ هەموو کەس کردووە و زامنی کۆمەڵایەتی سەرەکی پێشکەش کردووە، نەیتوانیوە هەموو توانستێکی سۆشیالیزم بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری زیادکردو بۆ خانوو، چۆنێتی و چەندێتی خواردن، ڕێکخستنی تەواوی هۆی گواستنەوە، خزمەتی تەندروستی و پەروەردەو گیروگرفتی تر.. بەکاربهێنێ:

( وەزعێکی قۆر سەری هەڵدا. یەکێتی سۆڤیەت گەورەترین بەرهەمهێنەری ئاسن و کەرەسەی خاو و بابەتی سووتەمەنی و وزە

لەدنیادا، کەم و کوڕی لەو شتانەدا هەبوو، ئەمەش لەبەر بەفیرۆدان و ناتەواوی و ناوەستایی لەبەکارهێنانیاندا، ئێمە گەورەترین بەرهەمهێنەری گەنمین بۆ خواردن، کەچی دەبووایە ملیۆنان تەن سالآنە لەدەرەوە بۆ ئالیك Fodder بکڕین. گەورەترین ژمارەی دکتۆر و پێخەفمان بۆ هەریەك هەزاری دانیشتووان هەیە، کەچی لەهامان کاتدا، کەم و کوڕی زەقمان لە خزمەتگوزاری تەندرووستیماندا هەیە. ساڕۆخەکانمان دەتوانن ئەستێرەی هالی بدۆزنەوەو بە وردەکارییەکی سەیرو سەرسورمێنەرەوە بفڕن بۆ مەریخ، کەچی لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە تەکنۆلۆژیی وزانستییانەشدا، نوقسانییەکی ئاشکرا لە توانستی وەستایی لەبەکارهێنانی دەسکەوتی زانستیی بۆ پێویستیە ئابوورییەکانمان هەیەو زۆر کەرەسە و کەل و پەلی ناومالّی سۆڤیەتی نەوعییەتی خراپیان هەیە.( p.21 )

داوەشان لەمەیدانی ئایدیۆلۆژییدا

هەروەك گۆرباچێڤ روونی دەکاتەوە نێوەندی ئابووریی واقیع و حەقیقەتی ژیانی گەل دیاری دەکا- کە باری ئابووری دواکەوتوو- و شلۆق دەبێ و دواکەوتن دەچەسپێ، درووشم و بانگ و بانگاشەو پرۆپاگەندە ئایدیۆلۆژییەکان، هەرچەندە زەق و رەنگاو رەنگ و بڵندو بە ئاواز بن، وردە وردە رەنگ و دەنگ و سەدایان لەدەست دەدەن و سەرنجی کەس راناکێشن، هەستی کەس نابزوێنن، بگرە دەبنە جێگەی گەمەو گالتە پێکردن و بێباوەری و بێزاری خەڵك. چەقین و تەپینی ئایدیۆلۆژی لەیەکێتی سۆڤیەتدا لەروانگەی گۆرباچێڤەوە لەچەند مەیدانێکدا خۆی بەدەرخست..

- شاردنەوەی راستییەکان و پشت کردن لە گیروگرفتە سەختەکان و پروپاگاندە کردن بۆ سەرکەوتن و دەسکەوتی راستیی یان خەیالیی زاڵ بوو. مەتح و پێداهەڵدان و بە کۆیلەکردنی هەستی خەڵك، هان دەدرا. پێداویستی و بیروڕای خەڵکی سادەی کارگەر پشت گوێ دەخرا.

- لە مەیدانی زانستە کۆمەلآیەتیەکاندا تیئۆری کردنی ( سکولآستیکی ) هان دەدراو پەرەی پێ دەدرا، بەلآم بیرکردنەوەی داهێنەرانەو خەلق کەرانە وەدەر دەنراو هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەرزەیی یانەو رووکەشانە بە حەقیقەتی نکولی لێ نەکراو دادەنران.. ئاخاوتن و گفتوگۆی زانستیی و تیئۆیری کە بۆ پەرەسەندنی بیرو هەولّی داهێنەرانە یەکجار پێویستن، دەخەسێندران. ئەم جۆرە وەزعە لە

مەیدانی هونەرو کەلتوورو رۆژنامەگەریی و فێرکردن لە قوتابخانەکانداو پزیشکیدا، خۆی سەپاند.. هیچێتی و شێوەگەرێتی و پێداهەڵدان بەدەنگی بڵند خۆی سەرخست.

- لە ئەنجامی ئەمانەدا بۆشایی یەکی گەورە کەوتە نێوان وشەو کردارەوە، نێوان راستی و خەیاڵەوە. ئەم وەزعە بە دروست کردنی ( کەلێنی بێباوەری) دوایی هات. هەرچی لە تەلەفزیون و رادیوکاندا دەوترا و لە رۆژنامەو کتێبەکانی خوێندندا دەنووسران، بوونە جێگای گومان. مەعنەویاتی خەڵك دارِما هەستی هاودەنگی و پاڵپشتی یەکتر کە لە سالآنی شۆرش و نەخشەی پێنج ساڵی یەکەم و جەنگی مەزندا دارێژرا بەرەو کزی چوو.. خوودانە خواردنەوەو سەرخۆشی و حەشیش کێشان و جەریمە زیادی کرد.. هتد.

حیزب

[دەوری حیزب کز بوو. هەموو کەسێ وەستان و چەقینی لە ئاستی سەرکردایەتیدا هەست پێ دەکرد. تەنانەت مافی ( گۆران بەپێی یاسای تەبیعەتیش) فرامۆش کرا.. مەکتەبی سیاسی و سکرتاریەتی لیژنەی نێوەندی کاری خۆیان بەخراپی و نیوە ناچڵی بەجێ دێناو ماستاوکردنی سیاسی و دابەش کردنی خەڵات و بەرات و ناوی زل و پاداش جێگەی مشور خواردنی راست و بەتەنگ خەلکەوە هاتنی گرتەوە.. کەمو کورِیی و ناتەواوییەکان، بەقسەی بۆش و قەبەو بەرنامەو کەمپەین و ئاهەنگ گێران بەچەندەها بۆنەو ساڵرۆژەوە پرِدەکرانەوە. بەم چەشنە دنیای واقعی رۆژ بە رۆژ و دونیای ئاسوودە و خۆشگوزەرانی درۆزنە، زیاترو زیاتر لەیەکتری دادەبرِان.. لەناوچەکانیشدا حیزب دیسیپلینی حیزبی لەدەست داو خاو و خلیچکی و داپۆشینی هەڵەی یەکتر جێی گرتەوە.. ئەو ئەندامە حیزبیانەی لەسەرکردایەتیدا بوون یان لەوانە نزیك بوون ئەوە رەخنەو زەبت و رەبت هەر نەیدەگرتنەوە. لەئاستی ئیداریدا، رێز نەگرتنی یاساو هاندانی چاوبەستەکی و بەرتیل خۆری و خزمەتچێتی و پێداهەڵدان پەیدابوو، خەڵکی کرێکار زۆر لەرەفتاری ئەو کەسانە بەداخ بوون کە لەکاتێکدا باوەرو مەسئوولیەتیان درابوویە، دەسەڵاتیان بۆ خراپە بەکار دەهێنا، رەخنەیان دادەپەڵۆسی و سامانێکی گەورەیان بۆ خۆیان پێکەوە دەناو تەنانەت لەهەندێ جاردا جەریمەشیان رێك دەخست. ( p.23 ). بەم جۆرە پێداویستی گۆران

نەك تەنیا لە مەیدانی ماددیدا بەڵكو لەناو هوشیاری خەڵكیشدا قوڵپی دەدا.

## گەڕانەوە بۆ لینین

گۆرباچێف بیرەباوەڕەكانی لینین بەسەرچاوەی روونی ئیلهامی پریسترۆیكا دادەنێ. بەتایبەتی كارەكانی لینین لەدوا ساڵەكانی تەمەنیدا، بەتایبەتی تر، كارەكانی لەمەڕ هەلسوراندنی ئابووری: لەرووی بەكارهێنانی یاسای نەخشەكێشان و مەسرەف بژاردن، بەكارهێنانێكی زیرەكانەی پێوەندی پارەو كەل و پەل و پاڵنەری ماددیی و مەعنەویی (p.26 ).

## پرۆگرامی پریسترۆیكا

گۆرباچێف ئەوە دووپات دەكاتەوە كە پرۆگرامی پریسترۆیكا بۆ ماوەیەكی درێژوو بەوردی بیری لێكراوەتەوەو نەخشەی بۆ داندراوە و ئامادە كراوە. ( لە پلینۆمی نیسانی 1985 دا توانیمان پێشنیازی پرۆگرامێكی كەم یان زۆر باش بیرلێ كراوەو رێكخراو بكەین بۆ دارشتنی ستراتیژیەتێكی كۆنكریتی بۆ پەرەسەندنی داهاتووی وڵات و بەرنامەیەكی كار دابنین) (p.27).

پرس و مەبەستەكانی ئەو پرۆگرامەش ئەمانەن:

1- باش كردنی باری ئابووری و بەراوەژووكردنەوەی رەوتە ناساغەكان لەم مەیدانەدا.

یەكەم كار ئەوە بوو نیزام و رێكوپێكی و دیسیپلین بگێرینەوە بۆ مەیدانی چالاكی ئابووریی و لەو بوارانەدا كە دواكەوتووین پێرابگەینەوە. ئەمەش تەنیا بەوە دەبێ كە رێكخستنەوە و دووبارە دامەزراندنەوەیەكی قووڵی ئابووری بكەین، بنكە ماددییەكان دروست بكەینەوە، تەكنۆلۆژی نوێ بهێنینە ئاراوە سیاسەتی ئیستیثمار ( پارە خستنە گەڕ) بگۆڕین و ستانداردێكی نوێ لەبەڕێوەبردندا دروست بكەین. ئەمەش هەموو یەك مەبەست دەگەیەنێ: خێرا كردنی پێشكەوتنی زانستیی و تەكنۆلۆژیی.

( لەساڵی 1985 دا پرۆگرامی هەموو لایەنەی گرنگ لەمەیدانە سەرەتایی یەكانی زانست و تەكنەلۆژیادا خرانە كار بەئامانجی درووستكردنی تێپەربوونێكی تیژ و گەیشتنە ئاستی جیهانی لەكۆتایی ئەم سەدەیەدا)

2- گۆرینی مەعنەویاتی خەڵك و باری سایكۆلۆژیی كۆمەڵ.

( دیاره ئابووری یەکەم مەراقمان بوو- وەهەرواش دەمێنێتەوە. بەڵام هەرلەو کاتەدا دەستمان بەگۆڕینی هەڵوێستی سایکۆلۆژی و مەعنەوی لەناو کۆمەڵدا کردوە.

سیاسەتی گلاسنۆست ( کرانەوەو ئاشکرا گۆیی) راگەیەندرا..

ئێمە گەیشتووینە ئەو ئەنجامەی کە تاوەکوو هۆکاری بەشەریی نەخەینەکار، واتە هەتا بەرژەوەندی و ئارەزووە جیاکانی خەڵك و هەرەوەزییەکان و دەزگا گشتییەکان و گرۆ و کۆمەڵە جیاوازەکان نەخەینە بەرچاو، هەتا پشت  بە ئەوان نەبەستین، مەحاڵ دەبێ بۆ ئێمە هیچ ئەرکێك ئەنجام بدەین و وەزعی ناو وڵات بگۆڕین)

هەروەك لینین وتوویەتی { سۆشیالیزم داهێنانی زیندووی جەماوەرە} سۆشیالیزم نەخشەیەکی تیئۆریی لەوەپێش ئامادەکراو نییە کە بەپێی ئەو نەخشە کۆمەڵ بەسەر دوو گرۆ دا دابەش بووین:

دەستەیەك کە فەرمان دەردەکەن

دەستەیەك کە بەدوای فەرمان دەکەون!

من دژی ئەو تێگەیشتنە سادە و میکانیکییەی سۆشیالیزمم). (p.29).

گرنگترین خەسڵەتی کارەکەی ئێمە ئەوەیە وابکەین تاکەکەس( ئەفراد) لەم ریرۆیەدا بەشدار بن. ئەمرۆ ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە لەرووی رۆحییەوە تاکەکەس بەرز بکەینەوە، رێزی دنیای ناوەوەی بگرین و هێزێکی مەعنەویی بدەینێ. ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو هێزێکی ماتی کۆمەڵ و لەباردابووی کەلتوور بۆ پێگەیاندنی کەسێکی چالاک لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، دەوڵەمەند لەرووی رۆحییەوە، دادپەروەروو بەویژدان کار بکەن.  تاکەکەس دەبێ بزانێ ئەو کار و خەباتەی دەیکا، کۆمەڵ پێویستی پێی هەیە، کە کەرامەتی ئەو پارێزراوە، کە بەرێزو باوەرەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەکرێ، کاتێ کەسێك هەموو ئەمانە دەبینێت، دەتوانێ زۆر بەرهەم بەدەستەوە بدات؟!).. .(p.30)

دیارە ئەم بۆ چوونەی گۆرباچێڤ ئەوە دەگەیەنێ کە پێشتر (تاکەکەس) بەو جۆرە رەفتارەی لەگەڵدا نەکراوەو ئەنجامەکانیش ئاشکران؟ بەڵام کێ، کام دەزگا، کام دەسەڵات ئەو هەلو مەرجانە- رۆحیی و بابەتیی- بۆ تاکەکەس دەخولوێنێ؟ حیزب؟ دەوڵەت؟ کەسێکی عەبقەری؟ سەرکردە؟- ئەمە ئەو

پرسیارە کە ناوکی گێژاوی بەردەوامی کۆمەڵی سۆڤیەتی دەردەبڕێ؟
بەهەرحاڵ لەم سەرەتاگەی باوەڕ بوون بە دەور و زاتییەتی تاکەکەسەوە گۆرباچێڤ دێتە سەر مەسەلەی زامنی کۆمەڵایەتی و (سۆشیالستانە) بۆ ژیان و ئاسوودەیی تاکەکەس و دەنووسێ:

{من رادەی پاراستنی کۆمەڵایەتیم لە کۆمەڵەکەماندا لەبەر چاوە.. لەلایەکەوە ئەمە قازانج و دەسکەوتێکی گەورەی ئێمەیە.. لەلایەکی ترەوە هەندێ کەس دەکا بە ئیسفنج}.

واتە: هەبوونی ئیش و خانوو- و تەندروستی و پەروەردە... هتد. تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و تەمبەڵی و کارنەکردن بەکار دەهێنن.

(تا رادەیەك لە وڵاتی ئێمە دا بێ ئیش نییە- دەوڵەت بەتەنگ ئەوەوە هاتوە (کار پەیداکردن) زامن بکا.. تەنانەت کەسێ کە لەبەر تەمبەڵی یان دیسیپلینی کار شکاندن دەربکرێ، دەبێ ئیشێکی تری بدرێتێ.. هەروەها کرێ- یەکسان کردن بۆتە بەشێکی ژیانی رۆژانەمان.. گەرچی کەسێك کرێکارێکی خراپیش بێ ئەوەندە وەردەگرێ بە ئیسراحەت بژیا.. منداڵی تەڕە مشە خۆرێکیش بۆ بەزەیی قەزاوقەدەر بەجێ ناهێڵرێن. ئێمە پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ بووجەی کۆمەڵایەتی کە خەڵك یارمەتی دارایی لێ وەردەگرن، دادەنێین. هەر ئەو پارانە بۆ پشتگیر کردنی مانەوەی باخچەی ساوایان و هەتیوخانە و خانووی گەنجانی پێشرەو دامەزراوەی تر کە پێوەندییان بە چالاکی داهێنەرانە و وەرزشی منالانەوە هەیە، بەکار دێن خەڵکی لە گۆڕان و بەرزو نزمی چارەنووس پارێزراون. ئێمە شانازی بەمەوە دەکەین.

بەڵام هەروەها ئێمە دەبینین کە کەسانی نادەسپاك هەوڵ دەدەن ئەم دەسکەوتە سۆشیالیستانە بۆ خۆیان بەکار بهێنن. ئەوانە دەزانن مافیان چییە، بەڵام نایانەوێ بزانن ئەرکییان چییە؟ خراپ ئیش دەکەن، دەخۆنەوە و دەلەوەڕن، کەم بە کۆمەڵ دەدەن، بەڵام توانیویانە تا دوا چۆڕ هەرچی ئیحتیمال هەیە لێی بگوشن و تەنانەت ئەوەش کە مەحاڵە: لەسەر داهاتی رەنج بۆ نەدراو بژین). (p.31).

بەرامبەر ئەمە گۆرباچێڤ سەرەتایەکی نوێ بۆ بەرهەڵستی ئەم وەزعە پێشکەش دەکات: {سیاسەتی دارشتنەوە هەموو شتێ لە شوێنی خۆیدا دادەنێ.. ئێمە بە تەواوەتی سەرەتاگەی سۆشیالیزم دەگێڕینەوە..

(لەهەر کەسە بەپێی توانستی خۆی بۆ هەرکەسە بەپێی کارەکەی).

ئێمە هەوڵ دەدەین دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان- یەکسانی ماف بۆ هەمووان و یەك یاسا بۆ هەمووان و یەك دیسیپیلین بۆ هەمووان لێپسراویی بۆ هەموو کەسێك بسەلمێنین).

دیمۆکراتیی کردن

دیمۆکراتیی کردن: واتە بڵاوکردنەوە و چەسپاندن و بەکارخستنی دیمۆکراسیی لە ژیانی سیاسی و ئابووریی و کەلتووریی و کۆمەڵایەتییدا بنچینەیەکی سەرەکی پریسترۆیکایە.

گۆرباچێڤ دەنوسێ:

(ئێمە پێویستیمان بە دیمۆکراتی کردنێکی فراوانی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵ هەیە. ئەم دیمۆکراتی کردنە هەر لەوکاتەدا گەرانتی سەرەکیمانە کە ئەم پرۆسەی ئێستا لە گۆڕێیە بەراوەژوو ناکرێتەوە). .(p.32)

لێرەدا گۆرباچێڤ ئەوە دەردەخا کە دیمۆکراتیی کردن هەم پرۆژەکە، پرۆسەکە خۆیەتی: واتە بەشداری کرانی فراوانی خەڵك بۆ گۆڕینی هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵ و گێرانەوەی کەرامەت و ئازادیی بۆ تاکەکەس بەپێی باوەڕو بۆ چوونی خواستی خەڵك لە لایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بەشداری فراوانی خەڵك خۆی لەخۆیدا دەبێتە زامنی ئەوەی پرۆسەکە ببێتە پرۆسەیەکی جەماوەریی گەیلی فراوان و کۆمەڵێك یان دەستەیەکی کەم ( حیزبی- نەتوانن هەڵیبوەشێننەوە و رژێمی کۆن بژێننەوە! ئەمە زیاتر بە ئاوردانەوە بۆ رابردوو روون دەکاتەوە:

(ئێمە دەزانین کە دەمانتوانی لە زۆر لەو کۆسپانەی ئەمڕۆ دەربازمان بێ گەرپرۆسەی دیمۆکراتی لەوڵاتی ئێمەدا بەشێوەیەکی ئاسایی پەرەی سەندبایە.

ئێمە ئەم دەرسەی مێژوومان باش فێربووین و هەرگیز لەبیری نابەینەوە.. ئێمە ئێستا بەتوندی ئەو خەتە دەگرین کە تەنیا لەڕێگای پەرەپێدانی بەردەوامی شێوەکانی دیمۆکراتی کە لە سۆشیالیزمدا هەن و لە ڕێگای فراوانکردنی حوکمی خۆیی، دەتوانین لە بەرهەمهێنان و زانست و تەکنەلۆژی و کەلتوورو هونەر و هەموو بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا پێشکەوتن

بەدەست بێنین. ئەمە تاکە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی دیسیپلینێکی هۆشمەندانە زامن بکەین...

پریسترۆیکا خۆی لە ڕێگای بەهێزکردنی هۆکاری بەشەرییەوە دەربخەین و بەکاربخەین، ئەوە هیچ ڕێگایەکی تر جگە لە دیمۆکراتی کردن نییە، کە چاك کردنی میکانیزمی ئابووریی و ئیدارەش بگرێتەوە، چاك کردنێك { ریفۆرمێك} کە بنەی سەرەکی پەرەپێدانی دەوری هەرەوەزییەکانی کار بێ)، .(p.32)

( لە حسێبی دواییدا گرنگترین شتێك بۆ سەرکەوتنی پریسترۆیکا هەڵوێستی خەڵکە بەرامبەری). (p. 33)

دیمۆکراتیی کردن و ئابووریی

گۆرباچێڤ دەنووسێ:

( پرۆسەی دیمۆکراتی تەواوی پریسترۆیکای پێشخستووە. ئامانجەکانی بەرزکردنەوەو وای کردوە کۆمەڵەکەمان باشتر گیروگرفتەکانی تێ بگا... ئەم پرۆسەیە ڕێگای پێداوین مەسەلە ئابووریەکانمان بەشێوەیەکی فراوانتر ببینین و پرۆگرامێکی چاك کردنی ئابووری رادیکاڵ پێشکەش بکەین، ئێستا میکانیزمی ئابووری تەواو لەگەڵ سیستمی بەرێوەبردنی کۆمەڵایەتی کەلەسەر سەرەتاگەی دیمۆکراتی نوێکراوە دامەزراوە، گونجاوە)

ئەم گوازتنەوەیە لە بیرۆکراسییەتی ئیداریەوە بۆ بەرێوەبردنێکی گورج و چالاکی ئابووری لای گۆرباچێڤ لەم هەنگاوە سەرەکییانەدا خۆی دەبینێتەوە:

آ- هەنگاوی هەرە سەرەکی و نێوەندی لابردنی نێوەندییەتە- مەرکەزیەت- لە چالاکی ئابووریدا:

(ئامانجی ئەم چاکسازییە { ریفۆرمە} ئەوەیە زامنی ئەوە بکەین لە ماوەی دووسێ ساڵی داهاتوودا گوازتنەوە لە بەرێوەبردنێکی زیاد لە پێویست مەرکەزیی کراو کە پشتی بە ( فەرمان دەرکردن) بەستبوو بۆ بەرێوەبردنێکی دیمۆکراتی کە لەسەر بنچینەی بەیەکەوە بەستنی دیمۆکراسیەتی مەرکەزیی و خۆ- بەرێوەبردن دامەزرابێ، ئەنجام بدرێ)

2- ئەمەش لای گۆرباچێڤ بەوە دێتەدی کە پرۆژەکاری Enterprise جێگەی بەرێوەبردنی مەرکەزیی بگرێتەوە، لە ئاستی نەخشەکێشان، نرخ بۆ دانان، میکانیزمی دارایی و قەرز، تۆڕی تەجهیزاتی بەرهەمهێنانی ئابووریی و تەکنۆلۆژیی و ، کارو مەیدانی کۆمەڵایەتی چونکە.

( پریسترۆیکا مانای دەستپێشخەری جەماوەرە.. پەرەپێدانێکی هەمە لایەنی دیمۆکراسیەتە، خودموختاری سۆشیالیستیە، هاندانی هەوڵی داهێنەرانەو دەستپێشخەرانەیە، باشکردنی دیسیپلین و نیزامی گلاسنۆستی زیاترە، رەخنەو رەخنە لەخۆگرتنە لەبوارەکانی کۆمەڵایەتیدا... ئەو پەڕی رێز گرتنی تاکەکەسی و بەرچاو گرتنی کەرامەتی شەخسییە). (p.34).

سێیەم: لایەنێکی گرنگی تر مەسەلەی تەکنۆلۆژی و بەکارهێنانی زانستی نوێیە- پریسترۆیکا مانای بازدانە بۆ رێبازی زانستی- توانستی دامەزراندنی بنچینەیەکی زانستی پتەوە بۆ هەر دەسپێشخەریەکی نوێ، مانای پێکەوە بەستنی دەسکەوتەکانی شۆرشی زانستیی و تەکنۆلۆژییە لەگەڵ ئابوورییەکی نەخشە بۆ کێشراودا).

گۆرباچێڤ چەندەها جار گرنگی مەسەلەی دیمۆکراسی لەپرۆسەی پریسترۆیکادا دووپاتە دەکاتەوە:

( جەوهەری پریسترۆیکا لەو راستییەدایە کە سۆشیالیزم و دیمۆکراسی پێکەوە دەبەستێتەوەو مەفهوومی لینین دەربارەی دارشتنی سۆشیالیستانە لە تیئۆری و کردار دا دەژێنێتەوە).

پریسترۆیکا و سۆشیالیزم

گۆرباچێڤ زۆر بە تەنگ ئەوەوەیە ئەوە دەربخا کە پریسترۆیکا مانای کۆتایی هاتنی سۆشیالیزم و گەڕانەوە بۆ سەرمایەدارێتی نییە بەڵکو نوێ کردنەوە و پێشخستنی سۆشیالیزمە.

( خەڵك هەن لەرۆژاوادا کە دەیانەوێ پێمان بڵێن سۆشیالیزم لە تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵ دایەو کۆمەڵەکەمانی گەیاندۆتە رێیەکی بەستراو.. ئەوان بەوجۆرە شیکردنەوەیە رەخنەی ئێمە دەربارەی وەزعی وڵاتەکەمان لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا لێك دەدەنەوە. ئەوان پێمان دەڵێن کە ئێمە تەنیا یەك رێگامان لەبەرە: رێبازی سەرمایەداریی

بەڕێوەبردنی ئابووری و بنکەی کۆمەڵایەتی بەکار بێنین و بەرەو سەرمایەداریی بڕۆین).

( ئەوان پێمان دەڵێن پریسترۆیکا لە چوارچێوەی نیزامی ئێستادا هیچ بەهیچ ناکا- ئەوان دەیانەوێ ئەم نیزامە بگۆڕین و لە نیزامێکی کۆمەڵایەتی سیاسی تر وەربگرین. زیاتر لەمەش دەڵێن کە ئەگەر ئێمە ئەم ڕێگایە بگرین و واز لە هەڵبژاردنی ئیشتراکییەت بێنین، ئەوا دەشێ پێوەندی نزیك لەگەڵ ڕۆژاوادا دابمەزرێنین.. ئەوان تا ئەو ڕادەیە دەڕۆن کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 بە هەڵەیەك دابنێین. کە وڵاتی ئێمەی لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی جیهانی دابڕی).

بەرامبەر ئەم بۆ چوونانەی ( ڕۆژاوا ) گۆرباچێڤ ئەوە دەسەلمێنێ:

1- پریسترۆیکا لەناو چوارچێوەی سۆشیالیزمدا دەکرێ و بەڕێوە دەچێ و بە ئەنجام دەگەیەنرێ نەك لەدەرەوەیدا..

(ئێمە لەناو سۆشیالیزم نەك لەدەرەوەیدا بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەگەڕێین کە دێنە گۆڕێ.. ئێمە سەرکەوتن و هەڵەکانمان وەکوو یەك بەپێوانەی سۆسیالستی دەپێوین. ئەوانەی هیوایان وایە ئێمە لەڕێبازی سۆشیالیستی لادەدەین تەواو بێ هومێد دەبن).(p.36)

2- پریسترۆیکا مانای هەڵەو ناتەواوی سۆشیالیزم نییە بەڵکو مانای هەڵەو ناتەواوییە لە خستنە کارو کارپێکردنی سۆشیالیزمدا.

( وەك ئێمە تێی دەگەین گیروگرفت و زەحمەتی حەفتاکان و هەشتاکان مانای دەرخستنی تەنگو چەڵمەی سۆشیالیزم وەك سیستەمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نەبوو. بەڵکو ڕاستتر ئەنجامی نەبوونی بەردەوامێتی بوو لە بەکارهێنانی سەرەتاکەکانی سۆشیالیزمدا.. ئەنجامی جیا بوونەوە لێیان و تەنانەت شێواندنیشیان و بەردەوامی خۆبەستنەوە بوو بەڕێباز و شێوەیەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی کە لەژێر هەلو مەرجی مێژوویی تایبەتیدا لەقۆناغە زووەکانی پەرەسەندنی سۆشیالیزمدا دەرکەوتن).

بەداخەوە ئەم گەڕانەوە میسالیانەی گۆرباچێڤ دادی نەدا.. بوونی سەرەتاگەیەکی میسالی کە نوێنەری ئایدیالی سۆشیالیزم بێ و هەڵە بریتی بێ لە لادان لەو ئایدیالەو سەرەتاگەکانی، گەڕانەوە بۆ ئایدیالیزم. بۆیە بەداخەوە واقع بەهێزتربوو: ئەوانەی لەڕۆژاوا تەمایان وابوو یەکێتی

سۆڤیەت رێبازی (سۆشیالیزم) با سۆشیالیزمێکی شێوێندراویش بێ- بەربداو رێبازی سەرمایەداریی بگرێتە بەر لەوە دەچێ بێ هومێد نەبن.

مەسەلە سەرەکیەکە بەرێوەبردن و سەرخستنی ئابوورییە. گەر ئابووری پێشکەوتوو- و سەرکەوتوو بوو، گرنگ نییە چ ناوێکی لێ دەنێی، دەتوانی خەڵك لەگەڵ خۆتا رادەی. بۆیە سۆشیالیزم لە یەکێتیی سۆڤیەتیدا کە ئابووریەکی سەرکەوتووی هەبوو- و ژیانێکی ئاسوودەی بۆ نەتەوە جیاجیاکانی فەراهەم کردبوو، توانیبووی خۆی بگرێ و تەنانەت بەرەنگاری سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لەتەواوی دنیادا بێتەوە.

بەڵام لەگەڵ هەرەسهێنانی ئابووریی و هەرەشەی برسێتیی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتییدا، هەموو ناوو بیرو ئایدیۆلۆژیەت و بایەخەکان، هەرەس دەهێنن و خەڵك پەنا بۆهەر شتێك دەبەن دژی ئەو بیرو بۆچوونە سواوو هەرەس هێناوانە بن.

بەداخەوە گۆرباچێڤ لەم کتێبەدا وەك پێغەمبەرێکی( خاوەن کتێب) اهل الکتاب خۆی دەنوێنێ.

پر لەنیازو بیری چاك و هەڕەشە لەوانەی دژی ئەم نیازو بیرە چاکانەن.

بەڵام دیسان بەداخەوە رۆژگاری پێغەمبەران دەمێکە بەسەرچووە.

خەڵك ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ، نایانەوێ مێشکیان پرکەن. بەڵکو دەیانەوێ مەعیددە و گیرفانیان پڕکەن.

هەر بیرێکیش لەمەیدانی واقیعدا دەسکەوت و سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، تەنیا قسەی رووت دەمێنێتەوە. (قسەی رووتیش ناچێتە ناوگیرفانەوە)، بۆیە بەرە بەرە بازاڕیش کز دەبێ.